کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-11-2007 13:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-IFIR

---

## داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیمکراتی کوردستان بە توندی ئیدانە دەکەین!

بەپێ ی هەواڵەکانی دەزگانی ڕاگەیاندن لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا، لە بەرنامەیەکی هاوبەشی نیوان پارتی ویەکیەتی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك بارەگاکانی پارتی چارەسەرەی دیمکراتی کوردستان داخران.

بەهانەیەك کە لە پشت ئەم کردەوە ناشایستەدا دژی ئازادیەدا خۆ دەنووێنێت، نەبوونی مۆڵەَتی ڕەسمی، حزبێکە کە تائێستە لە دوو هەڵبژاردنی حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستاندا بەشداری کردوە کە ئەگەر تەنانەت بەپێ یاساکانی خۆشیان بێت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی هەرحزب و ڕێکخراوێك پاش تێپەربوونی40 ڕۆژ بەسەر داوای مۆڵەت وەرگرتندا، لەحاڵەتی وەڵام وەرنەگرتنەوەدا ئیتر ئەو حزبە بەکردەوە لە مۆڵەتی ڕەسمی بەهرەمەند دەبێت. هەربۆیە داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەر وەك پارتێکی هاوسۆزو هاوشانی PKK، هیچ شتێك نیە جیاواز لە زنجیرەی ئەو هەنگاوانەی کە دژ بە PKK ئەنجام دەدرێت.

هەقیقەت ئەوەیە ئەم هەنگاوەش وەك هەنگاوەکانی تری چەند ڕۆژی ڕابردو لەپەیوەند بەقەدەغەکردنی خۆپێشاندانی خەڵکی کوردستان دژ بەحکومەتی تورکیا بەڵگەنەویستێکی تری ڕۆشنن بۆ خۆگونجاندنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی حکومەتی هەرێم لەگەل نەخشەو پیلانەکانی حکومەتی مالکی دا دژ بە PKK کە دواترینیان دانانی گەمارۆی ئابورییە لەسەر سنووری نیشتەجێ بوونی PKK لە قەندیل و ناوچەکانی تردا.

هەر بۆیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داخستنی بارەگانی پارتی چارەسەری دیمکراتی کوردستان و ڕێگرتن لە خۆپێشاندان و هەموو هەنگاوەکانی تری دژ بە PKK وەك کۆمەڵێك هەنگاوی دژ بە ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ئازادی بەیان و ڕێکخراوبوون دەزانیت و بەتووندی ئیدانەیان دەکەین و پیمان وایە کە ئەم ڕێگەو ڕەوشتانە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە دژ بە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانە هەروەها بەکردەوە ڕاونان وناچارکردنی ئەو خەڵکی کوردستانە بە ڕووکردنە هەندەران. بۆیە داوا لە هەموو حزب و ڕێکخراوە ئینسان دۆست و ئازادیخوازەکان دەکەین کە ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەی حکومەتی هەرێم بە تووندی ئیدانە بکەن!

سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

2007-11-6

---

POBOX1575، ILFORD IG1 3BZ، LONDON، UK Tel:0044 7856032991، 00447895636633،
0041787557786، 004799387599،
ifir2007@yahoo. com d. jamal@ntlworld. com www. csdiraq. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.